# ئیتر كاتیەتی ئەم سەركردایەتیەی ئێستا دەست لەكار بكێشێتەوە.

**شەماڵ ئاكۆ**

دوا دەركەوتنی ئەنجامە بەراییەكان، یەكێتیی نیشتمانی كوردستان ئەنجامێكی بە دەستهێنا كە هیچ لە ئاستی مێژوو، دەسكەوت و سەروەریەكانی نیە. هەر بۆیەش ئەم ئەنجامە دەبێت ببێتە جێگای هەڵوێستە لەسەركردنی ئەندام و كادیرانی یەكێتی، تا بەدوا هۆكارەكانیدا بگەڕێن.

هۆكاری هەرێ بنچینەیی كە ئەو ئەنجامەی لێكەوتووتەوە، ئەو سەركرایەتیەی ئێستا واتا دەستڕۆیشتووەكان. ئەمانە هیچ لە ئاستی ئەوە دانین سەركردایەتی جەماوەری یەكێتی بكەین و بتوانین سەركردەیەک بن لە ئاستی گۆڕانكاریەكانی ئەم سەردەمەدابن. لەبەر ئەوەی ئەمانە ئەوەندی خەمی بەرژەوەندییە تایبەتەكانیان خۆیان بوون، خەمی یەكێتی و جەماوەرە دڵسۆزەكەیان نەبوو، ئەوەندی خەمی ئەوەیان بوو چۆن بتوانن ململانێی یەكتر بكەن و ملی یەكتر بشكێنن كە هیچ ئەساسێكی سیاسی و فكری نەبوو ملمانێكانیان، ئەوەندە لە خەمی دیاریكردن ستراتیج و بەرژەوەندییەكانی یەكێتی نەبوون. ئەمانە ئەوەندەی هەوڵیاندا یەكێتی ئاشانا بكەنەوە بە كۆمەڵێک نەریتی خێڵەكی، ئەوەندە بیریان نەكردووە یەكێتی زیاتر بخەنە سەر سكەی دیموكراسی و مەدەنی هەروەها ڕێبازە فكری و سیاسیەكەی توخبكەنەوە و جیای بكەنەوە لە هێزەكانی تر.

ئەمانە ئەوەندی بیریان كردووە ببنە بازرگانی باش و قورخكاری بكەن ئەوەندە هەوڵیان نەدا سەركردەیەكی خاكی بن و لەپێناوی دادپەروەری كۆمەڵایەتی هەنگاو بنین.

هەر بۆیە كاتیەتی ئەم برادەران ماڵئاوایی لەم سەركردایەتیە بكەن وەک هەنگاوی یەكەم تا ببێتە دەسپێكی بەخۆڕاچوونەوەی و خۆنوێكردنەوەو خۆسازدانەوەی یەكێتی، ئەگەر نا هیچ چارەسەرێک بۆ یەكێتی نیە تا خاوەنی ئەمانە بێت.